# بەخێربێن بۆ لیدز
# ڕێنماییەک دەربارەی کارکردنی سیستەمی خوێندن

بەخێربێن بۆ لیدز. بەدەر لەوەی کە تۆ لێرەیت بۆ ماوەیەکی کورت یان درێژ، ئێمە هیوادارین کە مانەوەیەکی سەلامەت و ئاسوودە بەسەربەریت.

لیدز نشینگەی خەڵکی سەر بە چەندین کولتوور، نەتەوە و ئایینی جیاوازە؛ هەروەها دابونەریتێکی دێرینی هەیە بۆ پێشوازیکردنی خەڵکی وڵاتانی تر کە دەخوازن ژیانێکی نوێ لێرە بونیاتبنێن.

ئەگەر تۆ تازە هاتوویت بۆ شانشینی یەکگرتوو، لەوانەیە تۆ بە سیستەمی خوێندن لەم وڵاتە ئاشنا نەبیت.

ئەم ڕێنماییە زانیاریی زۆر بنەڕەتیت پێ دەدات دەربارەی چۆنێتی کارکردنی سیستەمی خوێندنی ئینگلیزی، هەروەها دەربارەی چۆنێتی پەیوەندیکردن ئەگەر زانیاری زیاترت پێویست بوو.

## خوێندن لە لیدز

ئێمە دەمانەوێت کە هەموو منداڵێک لە لیدز دەرفەتی چوونە قوتابخانەیەکی باشی هەبێت، کە بەردەوام لە باش بووندان. دەمانەوێت کە هەموو منداڵێک هەست بکات کە پێشوازی لێدەکرێت و نرخی دەزانرێت. قوتابخانەکانی لیدز سوورن لەسەر بەرەوپێشبردنی یەکسانیی ڕەگەز، جێندەر، ئایین و کەمئەندامیی.

ئیدیوکەیشن لیدز ڕێکخراوی بەرپرسە بۆ ڕێکخستن و پاڵپشتی کردنی قوتابخانەکانی ناو شار، منداڵان و کەسوکاریان، بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانمان.

خوێندن بۆ لاوان هەتا تەمەنی 19 ساڵی لە قوتابخانەکانی دەوڵەت بێبەرامبەرە، جا پێگەی پەنابەریان هەرچیەک بێت. لە لیدز، وەک بەشەکانی تری میرنشینە یەکگرتوەکان، منداڵ دەخرێنە پۆلێکەوە لەگەڵ منداڵی هاوتەمەنی خۆیاندا.

## خوێندنی بەزۆر (ئیلزامی)

خوێندی باش یارمەتی منداڵەکەت دەدات بۆ وەرگرتنی زانیاری و بڕوابەخۆبوون لەپێناو بەدەستهێنانی ژیانێکی دەوڵەمەند، ئاسوودە، بەختیار و سەرکەوتوو. لەبەرئەوە خوێندن بەزۆرە بۆ هەموو منداڵێک لەنێوان تەمەنی 5 تا 16 ساڵیدا.

تۆ بەرپرسیاریت لە دڵنیابوون لە هاتنی منداڵەکەت بۆ قوتابخانە بەشێوەیەکی بەردەوام. ئەگەر ناردنی بەردەوامی منداڵەکەت بۆ قوتابخانە تووشی هەر گرفتێکت دەکات، پێویستە پەیوەندی بکەیت بە قوتابخانە یان ئیدیوکەیشن لیدز، کە دەتوانن یارمەتیت بدەن.

## یارمەتی زمان

منداڵەکەت بەهەر زمانێک قسەبکات، ئێمە سوورین لەسەر بەخشینی باشترین خوێندن بە منداڵەکەت.

قوتابخانەکە یارمەتی منداڵەکەت دەدات بۆ فێربوونی ئیگلیزی، لەگەڵ فەراهەمکردنی یارمەتی تر بۆ فێربوونیان.

## خوێندن بۆ منداڵی خوار تەمەن چوار ساڵ

خوێندن بۆ منداڵانی خوار تەمەن چوار ساڵ بەزۆر نییە، بەڵام چەندین خزمەتگوزاری جیاواز هەیە کە بە ڕۆژ سەرپەرشتی منداڵەکەت دەکات. هەندێک لەمانە لەلایەن دەسەڵاتی ناوچەییەوە بەڕێوەدەبرێن و بێبەرامبەرن. هەندێکی تر لەلایەن کەرتی تایبەتەوە بەڕێوەدەبرێن و هەمیشە گرانن.

ئەگەر زانیاری زیاترت دەخوازیت دەربارەی خوێندن بۆ منداڵی خوار تەمەنی چوار ساڵ، تکایە پەیوەندی بکە بە لیدز چڵدرنس ئینفۆرمەیشن سێرڤس بە ژمارە تەلەفۆنی 4386 247 0113.

## قوتابخانەی سەرەتایی

قوتابخانەی سەرەتایی خوێندن دەدات بە منداڵانی تەمەن چوار بۆ یانزە ساڵ. زۆربەی قوتابخانە سەرەتاییەکان بچوکن، لەبەرئەوەی زۆربەی کات قوتابخانەی زۆر نزیک هەیە لەو شوێنەی لێی دەژیت. هەموو قوتابخانە سەرەتاییەکانی دەوڵەت لە لیدز بۆ هەردوو کوڕ و کچن.

زۆربەی منداڵان لە لیدز لە تەمەنی چوار ساڵییەوە دەچنە قوتابخانی سەرەتایی، لە پۆلی پێشوازییدا. فۆرمی داواکاری بۆ پۆلی پێشوازیی پێویستە ساڵێک پێش دەستپێکردنی خوێندنی منداڵاکە بنێردرێت. ئەگەر زانیاری زیاترت پێویستە تکایە پەیوەندی بکە بە تمیی وەرگرتنەوە بە ژمارەی 5729 247 0113.

## قوتابخانەی ناوەندیی

قوتابخانەی ناوەندیی ئەو لاوانە فێردەکات کە تەمەنیان لەنێوان 11 بۆ 19 ساڵە. منداڵەکەت دەتوانێت لە تەمەنی 16 ساڵیدا قوتابخانە بەجێبهێڵێت، بەڵام دەشتوانن درێژە بە خوێندنی بێبەرامبەر بدەن هەتا تەمەنی 19 ساڵی. زۆربەی قوتابخانە ناوەندییەکان بۆ کوڕان و کچانن، ئەگەرچی یەک قوتابخانەی کچان هەیە لە ناوچەکانی لیدز.

زۆربەی منداڵان لە لیدز لە تەمەنی 11 ساڵیدا دەچنە قوتابخانەی ناوەندیی. فۆرمی داواکاری بۆ قۆتابخانەی ناوەندیی پێویستە ساڵێک پێش دەستپێکردنی خوێندنی منداڵاکە بنێردرێت. ئەگەر زانیاری زیاترت پێویستە تکایە پەیوەندی بکە بە تمیی وەرگرتنەوە بە ژمارەی 5729 247 0113.

## جلوبەرگی قوتابخانە

زۆربەی قوتابخانەکانی لیدز داوا لە قوتابیان دەکەن کە جلی هاوشێوە لەبەربکەن. دڵنیابە لەوەی کە دەزانیت کام جلی قوتابخانە پێویستە بۆ ئەو قوتابخانەیەی کە دەتەوێت منداڵەکەت بچێت.

لەوانەیە بتوانیت یارمەتی وەربگریت ئەگەر نەتتوانی پارە بدەیت بۆ جلوبەرگی قوتابخانەی منداڵەکەت. ئەگەر ئامۆژگاری و زانیاری زیاترت پێویستە، تکایە پەیوەندی بکە بە لیدز بەنەفێت سێرڤس (خزمەتگوزاری کۆمەکەکانی لیدزەوە) بە ژمارە تەلەفۆنی 0113 127 0845.

## ژەمی خواردنی قوتابخانە

هەموو قوتابخانەکانی لیدز ژەمی نیوەڕۆ دەدەن بەو قوتابیانەی کە خواردنی نیوەڕۆ لەگەڵ خۆیان ناهێنن یان ناچنەوە بۆ ماڵەوە بۆ نانخواردن. لەوانەیە منداڵەکەت مافی ژەمی خواردنی قوتابخانەی بێبەرامبەری هەبێت. ئەگەر ئامۆژگاری و زانیاری زیاترت پێویستە، تکایە پەیوەندی بکە بە لیدز بەنەفێت سێرڤس بە ژمارە تەلەفۆنی 0113 127 0845.

## منداڵەکەت فێری چی دەکرێت

هەموو قوتابخانەیەک پێویستە وانەکانی بیرکاری، ئینگلیزی، زانست، مێژوو، جوگرافیا، تەکنەلۆجی، مۆسیقا، هونەر و وەرزش بە هەموو منداڵێک هەتا تەمەنی 14 ساڵ بڵێنەوە. منداڵانی تەمەن 11 بۆ 16 ساڵ دەتوانن زمانێکی هاوچەرخ هەڵبژێرن.

منداڵەکەت بە بەردەوامی بەدرێژایی ساڵەکانی خوێندن تاقی دەکرێتەوە بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنێتی فێربوونی. تاقیکردنەوەی زۆر گرنگ لەنیوان تەمەنی 16 بۆ 18 ساڵیدا هەیە. ئەگەر دەخوازیت منداڵەکەت بچێت بۆ زانکۆ، کۆلیج یان ئیشێکی باش، زۆر گرنگە کە لەم تاقیکردنەوانەدا زۆر باش بن.

## هەڵبژاردنی قوتابخانەیەک

پێویستە پەیوەندی بکەیت بە ئەدمیشن ئۆفیس لە ئیدیوکەیشن لیدز بۆ زانیاری دەربارەی چۆنێتی هەڵبژاردنی قوتابخانەیەک بۆ منداڵەکەت. بۆ زانیاری و ڕاوێژ دەتوانیت تەلەفۆنیان بۆ بکەیت بەژمارەی 0113 247 5729.

هەروەها دەتوانیت سەردانی ئەو قوتابخانەیە بکەیت کە بەدڵتە و چاوت بە بەڕێوەبەر و کارمەندان و منداڵەکان بکەوێت.

## کەی پێویستە پەیوەندی بکەیت

دەخوازین قوتابخانەکانمان ئارام و دۆستانە بن بۆ هەموو ئەوانەی بەکاریان دەهێنن. ئەگەر منداڵەکەت لەبەر هەر هۆیەک ئازار دەدرێت، یەکەم کەس کە دەبێت ئاگادار بکرێتەوە مامۆستاکانن لە قوتابخانەی منداڵەکەت. ئەگەر دڵخۆش نیت بەچۆنێتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ کێشەکەدا، پێویستە پەیوەندی بکەیت بە بەڕێوەبەری قوتابخانەوە کە لە سکاڵاکەت دەکۆڵێتەوە. ئەگەر پاش ئەمەش هێشتا دڵخۆش نیت دەبێت پەیوەندی بکەیت بە چێیر ئۆڤ گەڤەرنەرس (بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکە) لە قوتابخانەکە. ئەگەر ئامۆژگاریت پێویستە لەسەر چۆنێتی سکاڵاکردن، تکایە پەیوەندی بکە بە کۆستومەر ڕیلەیشن سێرڤس لە ئیدیوکەیشن لیدز بە ژمارە تەلەفۆنی 5688 247 0113. ماڵپەڕی ئیدیوکەیشن لیدز ئەمەیە: www.educationleeds.co.uk